# رۆژنامەنووس سۆران مامە حەمە تیرۆر کرا



پ.هاوڵاتی:
چەند چەکدارێکی نەناسراو دوای ئەوەی دەچنە سەر ماڵی رۆژنامەنووس سۆران مامە حەمە بەرپرسی نوسینگەی گۆڤاری لڤین لەشاری کەرکوك، بانگی دەکەنە دەرەوەو دەستڕێژی لێدەکەنو تیرۆری دەکەن.

ئێوارەی رۆژی **7/21** چەند چەکدارێکی نەناسراو لەگەڕەکی لەتیفاوەی شاری کەرکوك دەچنە سەر ماڵی رۆژنامەنووس سۆران مامە حەمەو بانگی دەکەنە دەرەوە، دواتر تەقەی لێدەکەنو دەیکوژنو چەکدارە نەناسراوەکان هەڵدێن.

لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك لەلێدوانێکیدا بۆ سایتی هاوڵاتی وتی"ژمارەی ئەو چەکدارانە دوو تا سێ کەس دەبوون، دەچنە سەر ماڵی ئەو رۆژنامەنووسەو دوای ئەوەی بانگی دەکەنە دەرەوە دەستڕێژی لێدەکەنو دەیکوژن".

لیوا جەمال ئەوەشی وت کەئێستا لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە دەکەن، بەڵام تائێستا قسە لەگەڵ کەسو کارەکەیدا نەکراوەو لێکۆڵینەوەکە سەرەتایە.

سۆران مامە حەمە دوایین راپۆرتی لەگۆڤاری لڤین لەژمارە **69** دا بڵاوبووەتەوە بەناونیشانی (سۆزانییەکان کەرکوك داگیردەکەن)، کەلەوراپۆرتەدا باسی تیوەگلانی ئەفسەرانو پۆلیسی کردووە لەکاری لەشفرۆشیداو لەزاری یەکێك لەخاوەنی باندە لەشفرۆشییەکاندا ئەوەی خستووەتەڕوو کەهەندێك لەبنکەکانی پۆلیس (معتمد)ی هەبووەو لەشفرۆشی تازەیان بۆ پەیدا دەکەن.

هاوڵاتی ئەوەی زانیوە دوابەدوای ئەو راپۆرتە چەند جارێك بەمۆبایل هەڕەشەی لێکراوە.

هەردی مەهدی میکە سکرتێری نووسینی گۆڤاری لڤین بەسایتی هاوڵاتی وت"سبەی بەیاننامەیەکی نارەزایی لەوبارەیەوە بڵاودەکەینەوە".

سۆران مامە حەمە پێشووتر بەرپرسی نووسینگەی کەرکوکی کوردستان راپۆرت بووە، لەساڵی **1985** لەدایك بووەو ئێستا خوێندکاری قۆناغی چوارەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوکە.

پێشووتریش بەهۆی بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی لەرۆژنامەکاندا هەڕەشەی لێکراوەو تەرمەکەی لەقەزای چەمچەماڵ نێژرا.

Tuesday, July 22, 2008